# هەموو شت بەدڵی تورکیا نابێ!

ئاسۆ کەریم
Aso2karim@yahoo.com

لەدوای کۆنگرەکەی (شرم الشیخ)ی میسر، ئەوەی ئەستەنبۆڵ دووەم کۆنگرەیە، کە وڵاتانی دراوسێی عێراق (ئێران، تورکیا، سوریا، ئەردەن، سعودیەو کوێت)، پێنج وڵاتە هەمیشە ئەندامەکەی ئەنجوومەنی ئاسایش، وڵاتانی تری گروپی 8، میسر، یو ئێن، کۆمکاری عەرەبی، ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی و یەکێتی ئەوروپی لەماوەی ساڵێکدا بەستری.

کە ئەو دێرانە دەنووسم، بەیاننامەی کۆتایی کۆنگرەکە ئامادەکراوە، پێموانییە لە چوارچێوەی ئەوەکەی (شرم الشیخ) دەرچێ. لێ پێموایە لەم کۆنگرەیەدا جەختێکی زۆر لە یەکێتیی خاک و دەوڵەتی عێراق دەکرێتەوەو بەم یان بەو شێوەیەش ئاماژە بۆ (تەنگوچەلەمە)ی ئێستای نێوان تورکیا- عێراق دەکرێ.

ئەم کۆنگرەیە، لەم ئانوساتەدا، سەرکەوتنێکە بۆ دیپلۆماسیی ئەنقەرە، بەڵام چاوەڕێی زۆر شتی لێ ناکرێ. ئەنقەرە چاوی لێیە وەکو دەوڵەتێکی بەنفووزی هەرێمەکە حیسابی بۆ بکرێ و لە بنیاتنانەوەی عێراقیشدا، نەک هەر لەسەر ئاستی ئابووری، بەڵکە لەسەر ئاستی سیاسیش حیساب بۆ نیگەرانییەکانی بکرێ. هەرچەندە، رایەڵکەو پێوەندیی ئەنقەرە لەگەڵ پێکهاتەکانی ناو عێراقدا لە چاو هەندێ وڵاتی تری ناوچەکەدا، ئەوەندە بەهێز نییە کە داشی تورکیا سوار بێت، لێ دەیەوێ بەم یان بەو شێوەیە، سوود لە هەلومەرجی ئەمڕۆی ناو عێراق، بیانووی پەکەکەو شتر، وەربگرێ.

وەکو دەبیندرێ، بەر لەو کۆنگرەیە، دیپلۆماسییەتی تورکی لە جولەدا بووە، عەلی باباجان-ی وەزیری دەرەوەی تورکیا، سەری لە (11) دەوڵەت دا، ڕەجەب تەیب ئۆردوگان-یش لە بەریتانیا و ڕۆمانیا. لێ ئەگەر لەو وڵاتانەدا، هاوخەمییەکیش لەگەڵ تورکیا نوێندرابێت، سەبارەت بە هێرشەکانی ئەم دواییەی پەکەکە لەناو تورکیادا، ئەوا هەموویان جەختیان لەسەر خۆگرتن و پشودرێژی و سنوورنەبەزاندنی عێراق و دۆزینەوەی ڕێگەچارەی دیپلۆماسی و سیاسی کردۆتەوە و تەنانەت کۆندالیزا رایس، وێڕای کە گرفتی پەکەکەی بە گرفتی تورکیا و عێراق و ئەمریکا ناوزەد کردووە، ئامۆژگاری تورکیای کردەوە کە هێرشێکی سەربازی سنووربەزێن بۆ ناو خاکی عێراق نەکەن. ئەمە جێی خۆشحاڵیی میدیای تورکی نەبوو.

کەواتە، ئەگەر گرفتەکە، گرفتی تورکیا و عێراق و ئەمریکا بێت، یان هەرەشە بێت بۆ سەر هەر سێ وڵات 1- دەبێ ئەو سێ وڵاتە بەیەکەوە هاوکاری بکەن و لیژنە سێ قۆڵییەکە کارا بکەنەوە. 2- ڕەنگە ئەو پێشنیارانەی کە وەفدی عێراق پێشتر بۆ ئەنقەرەی بردوون بە ئیزافاتی ترەوە بخرێنەوە سەر مێزی وتووێژ.

لەلایەکی دیکەشەوە، هەوڵ و تەقەلا لەگەڵ پەکەکە بەخت بکرێ کە 1- (8) دیلەکەی لەشکری تورکیا ئازاد بکا و کاری تری گەریلایی نەکا، 2-ئاگربەستێکی یەکجارەکی رابگەیەنێ و ئامادەیی تەواوی خۆی نیشانبدا بۆ گفتوگۆ و ڕێگەچارەی سیاسی. وێدەچێ پەکەکە بەهەندێ مەرج بۆ ئەو دوو هەنگاوە ئامادەیی تێدا بێت. ئەمەش لەسەر زاری (عەبدولڕەحمان چادرچی) لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوکرایەوە.

شایانی گوتنە، دوا بەدوای ئەو قسانەی چادرچی و کۆنگرەی چەند ڕۆژ لەمەوبەری (دە تە پە) لە دیاربەکر، لەم دوو- سێ ڕۆژەدا، لە ڕۆژنامەکانی تورکیادا، قسە لەسەر ئەوە دەکرێ، کورد چی دەوێ، پەکەکە چی دەوێ، دە تەپ چی دەوێ و کێشەی کورد چۆن چارەسەر دەبێ. کەواتە حکوومەتی تورکیا دەبێ وەڵامێک بداتەوە، داخوا وەڵام هەر بەشەڕ دەدەنەوە یان ڕێوشوێنی دیش دەگرنەبەر، بۆ نمونە داخوا تورکیا ئامادەیە عەفوویکی گشتی دەربکا، ئامادەیە سنووری مافە سیاسی و کولتوورییەکان فراوان بکا، ئامادەیە گوێ لە دەتەپ بگرێ، ئامادەیە ناسنامەی نەتەوەیی کورد بسەلمێنێ و لە دەستووردا جێی بۆ بکاتەوە؟ چونکە لە هەندێ ناوەندا ئەو پرسیارە دەکرێ، کە تورکیا هەموو کەناڵێکی دیپلۆماسی و سیاسیی بۆ قەناعەت پێهێنان تاقیکردەوە، تەنیا بژارەی شەڕی لەپێش ماوە. واتە دوا چانس دیداری نێوان بۆش- ئۆردوگانە کە قەولە لە 5ی ئەم مانگەدا لە واشنتۆن بەرێوە بچێت، یان ئەوەتا لەشکری تورکیا دێتە ناو کوردستان بەهەموو ریسک و مەترسییەکانییەوە. یان ئەوەتا لە پاش ئەو دیدارە چارەسەرێك دەبیندرێتەوە، بۆ ئەو چارەسەرەش، چەندین لایەنی تر غەیری ئەمریکا دێنە ناو هاوکێشەکە. واتە زۆرشت دوای 6ی ئەم مانگە ڕوون دەبێتەوە، چونکە لەناو تورکیادا وا باوە کە ئۆردوگان هیچ شتێ بێ ئەمریکا ناکات، بەڵام لەهەموو

**بارێکدا، ئەگەری سنووربەزاندن دەمێنێ، بەڵام مەوداو ئاقار ( لە رووی قەبارەی هێزەکە، قوڵایی هاتنە ناوەکە)و ماوە زەمەنییەکەی (واتە چەند سوپای تورکیا دەمێنێتەوە)، ئامانجەکانی (تەنیا ئاراستەی پەکەکە دەکرێ) دیار نییە، بەڵام کاریگەرییەکانی هاتنەناوەوەیەکی فراوان پێوەندییان بە هەموو ناوچەکەوە هەیە، بۆیە مەنتیقی نییە کێشەکە وا بهێڵدرێتەوە!**